# پشتیوانی له خاتوو شه‌مزینی جیهانی، چالاکی بزاڤی ژنان

رێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی، پشتگیری خۆی لە ئەندامی چالاکمان خاتوو ‹ شەمزینی جیهانی › رادەگەیەنێ و زەخت و گوشار لەسەر رۆژنامەوانان و چالاکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت چالاکانی بزاڤی ژنانی رۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم دەکات. ئەم زەخت و گوشارە بە شێوەیەکی سیستەماتیك دەستی پێ کردووە و نە تەنیا لە شێوازی بانگ کردن و دادگایی کردن، بەڵکو بە شێوەی هێرشی برێك کەس لەسەر چالاکانی ژنان و هەڕەشە و سووکایەتی و تێکدانی کۆڕ و کۆمەڵی ژنان خۆی دەنوێنێ ( وەك ئەو هێرشە کە سەر کۆنگرەی ژنی کورد لە زانکۆی تاران کرا )، بەڵام دەسەڵاتداران بزانن بەم شێوازانە قەت قەت ناتوانن رێگری لە بزاڤی ژنان بکەن. ژنانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان باوەڕیان بە خەباتی هاوکاتی رزگاریخوازی ژنی کورد و نەتەوەی کورد هەیە و بەم هێرشانە نابەزن.

ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی - سنە